کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 21:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەری کی نالّی ئێمەش وامان لی بەسەر دی؟! ... بەناز

کاتی وێنەکانی دوعام بینی هێندە ناخمی هەژاند بە وێنەی تەعزیەبارێك گریام هێندە گریام، گریانم بۆ نەدەوەستێنرایەوە. بە راستی تی نەدەگەیشتم تۆ بلّی ی لەسەر چی بێت ئەم کچە گەنجە ئاوا لێدەکەن؟ وتم لەوانەیە لە سەددام تاوانبار تر بێت، چونکە سەددام ئەشکەنجە نەدرا تا کوشتن کە چەند تاوانباریش بوو... کە زیاتر خوێندمەوە، کارەکە زۆر بی مانا هاتە بەر چاوم، کەواتە لەسەر خۆشەویستی ئاوا بەو کچە ئەکەن؟! کە بیرم کردەوە جا خۆ ئەگەر وا بی هەموومان دەگرێتەوە چونکە هەموو ئافرەت خۆشەویستی ئەزانێت و ئەشی کات، لەگەڵ پیاویشدا زۆر لە جارەکانیش بەدزیەوەیە واتە (ناشەرعی یە) کەواتە هەموومان دەبێت لەو سامناکیەدا بژین کە هیچیش دور نی یە وامان لی نەکرێت! ئەوەی کە بینیم مردنی خۆمی هێنایە بەر چاوم، ئێمەی ئافرەت ئاواین؟ ئێمە ئەوەین؟ واتە خوا بۆ ئەمە ئافرەتی دروست کردوە؟کە لەسەر یەکێك لە بەندەکانی یاسای پیاوان نەڕۆشتین ئاوامان لی بکرێت؟ ئای کە دەبەنگین!

ئێمە زۆر دەبەنگین دەمانەوێت لەناو کۆمەڵگەیەکی ئاوادا باسی ماف بکەین؟ باسی یەکسانی بکەین؟ باسی خۆشەویستی بکەین؟ ئەو خۆشەویستیەی کە هەمیشە کوران خۆیان لێمانی داوا دەکەن؟ ئەوانمان خۆشبوێت ودوایش ئاوامان بەسەر بهێنن؟! دەزانن جەماعەت بەداخەوە ئێمە زۆر دەبەنگ دەرچوین.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش تەنها خۆت بهێنەرە بەرچاوت کە خۆشەویستیت لەگەڵ کەسێك دا کردوە وەکو ئەم نەگبەتە کەوتیتە دەستی نەیارانت (واتە کەشف بوویت)، بە خەیاڵت دا دێت ئاوات لی نەکەن؟! من گومانم هەیە.

بەڕێزان ئێمە وابەستەی سیستەمێکین کە بۆ خاتری کەسانی پلە یەك دروست کراوین کە پیاوە، گەر دەتانەوێت بلّێن وا نی یە ئەوە خۆتان دەخەڵەتێنن. مەسەلەکە پەیوەندی بە یەزیدی بوون وئاینی ترەوە نی یە، ئەمانە هەمووی پۆزشن پیاوان بەکاری دێنن بۆ بەهێزتر کردنی دەسەلاتی خۆیان.

بۆ وایان لەو کچە کرد؟ چونکە بەشی خۆیانی نەدا بەلّی بەشی ئەوانی پێوە نەبوو واتە لەسەر بیرۆکەی (ئەگەر نان هەیە بۆ هەموان بێت گەر نا ئەوا بۆ کەس نابێت) بۆیە بە زەبری هێز کوشتیان، هەموو پیاوێك دەتوانێت ئاوا لە ئافرەت بکات مەسەلەکە تەنها ئێمەین کە ئەو پەلەپیتکەیە لێبدەین کە وامان لی بکەن. واتە هێشتا خاترمان گیراوە با بزانن.

وام بۆ دەرکەوت ئێمە لە سیستەمی پێکەوە ژیان (تعایش) دا نەژیاوین وناشژین لەگەڵ پیاودا ئەمە پرۆسەی بەندایەتی کردنە. زۆر بە داخەوە.

مەسەلەکە لە ڕۆشنبیری وئاین و ئەمانە دەرچوە ئەمە تەمی کردنە لەسەر ئاستی گشتی، هەموو ئافرەت تێتدەگەیەنێت تۆ هیچ نیت تەنها بۆ سێکس دروست کراوی و هیچی تر، ئاینەکانیشیان کردۆتە پشت و پەنای خۆیان بە نمونەی ئەوەی کە ئەو کچە پێش کوشتنی ڕووتیانکردەوەو ئینجا بەردبارانیان کرد وەك ئەوەی پێی بلّێن تۆ ئەوەیت، خۆت بناسە و یاسای گەورەکانیشت مەشکێنە. من داوای لێبوردن لەکەس ناکەم ئەم ووشانە هەموومان دەگرێتەوە ئەزانم هەمووش هەستی پێدەکەین بەلاّم ناوێرین. بەوەی کە پێمان بلّێن ئافرەت تەنها بە قسە چارەسەری کێشە دەکات (زماندرێژ)، چونکە یاساکەی ئەوان قسەی تیا نی یە تەنها لێبدە وبکوژەیە ئەم دوو یاسایەش زۆر دورن لەیەکەوە... ڕاستە من بە پیاوێك ناوێرم چونکە هێزی ئەوم نی یە (جا وەرە گەلە پیاوێك تینوو بە خوێنی دوعا)، چونکە درندەیی ئەوم نی یە، من تەنها دەسەلاّتم ئەوەیە داوای گوی لی گرتن بکەم ... . هاوار بکەم (وەکو دوعا) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 21:16بەکاتی ناوەندی ئەورووپا
کەمپین بۆ خۆمان بکەن فریای ئەوە بکەون کچێکی تر ئاوای لی نەکرێت، ئەو کچەی یان منم یان تۆی ... کەمپین لەو دەسەڵاتەی خەڵکەکەی پاراستوە کە بە ئارەزووی خۆیان بەرد بارانی ئەو کچە بکەن، کەمپین لەدژی ئەو حیزبانەی رۆحی تیرەگەرایەتیان لە ناو خەڵکی دا زیندو کردەوە، لە دژی ئەو بەرپرسانەی هەموو خەڵکی ئەم وولاتەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان وەکو دوعا لی کردوە، لەو کلتورە بی ئەخلاقەی منی کردۆتە کۆیلەی پیاویئەو پیاوەی کە لەکاتی تورەبوونیدا دەبێتە درندەیەك و تەنانەت ئەگەر هێزی لی بسەنرێتەوە (لا حول لە ولا قوە) واتە وەك من وتۆی لی دێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.